مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

# اتمولوجيا و تطور البادئات واللاحقات في اللغة الكوردية

هزار عثمان شيخه
قسم اللغه الكوردية، كلية التربية الاساس، جامعة صلاح الدين/ اربيل
hejarothman81@gmail.com

أ.د.نريمان عبدالله كريم
قسم اللغه الكوردية، كلية التربية الاساس، جامعة صلاح الدين/ اربيل
nareman.kareem@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: اتمولوجيا، التطور، اللاحقة، المورفيم

**كيفية اقتباس البحث**

شيخه , هزار عثمان , نريمان عبدالله كريم, اتمولوجيا و تطور البادئات واللاحقات في اللغة الكوردية,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آب ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٨ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

# The Etymology and Grammaticalization of Prefixes and Suffixes in the Kurdish Language

Hazhar Othman Shekha
Kurdish Language Department,College of Basic Education,Salahaddin University – Erbil
hejarothman81@gmail.com

Prof.Dr.Nareman Abdulla Karem
**Kurdish Language Department,College of Basic Education,Salahaddin University – Erbil**
nareman.kareem@su.edu.krd

**Keywords** : Etmology, Evolution, Suffix, Morpheme

**How To Cite This Article**
Shekha , Hazhar Othman , Nareman Abdulla Karem ,The Etymology and Grammaticalization of Prefixes and Suffixes in the Kurdish Language ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, August 2026,Volume:16, Issue 8.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract

This research, which is available under the title (The Etymology and Grammaticalization of Prefixes and Suffixes in the Kurdish Language), attempts to trace the origins and historical roots of Kurdish prefixes and suffixes. Its aim is to determine where Kurdish prefixes and suffixes come from and how they have undergone grammaticalization.
It investigates whether, from the very beginning, they existed solely as bound morphemes with grammatical function (prefixes and suffixes) in their current form and without lexical meaning, or whether they were

originally independent lexical morphemes with their own meanings, which subsequently combined with other free morphemes and formed compound words.
Later, based on the needs of the language and over the passage of time, they gradually underwent grammaticalization and became prefixes and suffixes.
This grammaticalization process occurred in such a way that phonological changes (such as sound shifts, lenition, assimilation, etc.) and semantic changes (such as semantic narrowing, semantic bleaching, polysemy, etc.)
caused them, over time and with their distance from their original forms and meanings, to no longer be recognized in their original lexical state and to evolve from free morphemes into bound morphemes used in word formation (prefixes and suffixes).
The same phenomenon can be observed today in some free morphemes that are undergoing the same process and are becoming bound morphemes used in word formation.

**الملخص البحث**

هذا البحث الذى بعنوان (اتمولوجيا و تطور البادئات واللاحقات في اللغة الكوردية) تحاول أن تتعمق في جذور البادئات واللاحقات للغة الكوردية والقصد منها الوصول الى مصادرها وكيفية تطورها، هل كانوا من البداية قد تشكلوا كمورفيم قيدى يقوم بأدائها الحالي ومن دون دلالة على أي معنى أو أنهم تشكلوا على مؤرفيمات مستقلة ككلمة دالة ذات معاني، وتم توصيلهم الى مورفيمات مستقلة أخرى ليتشكلوا كلمات مركبة، ولضرورية اللغة و بمرور الوقت تطور ببطيء رويدا رويدا بأتجاه تشكيل البادئات واللاحقات وهذا التطور قد حدثت بشكل أثرت بمرور الوقت أن تبتعد عن شكلها الأساسى وتتبدل المورفيم الحر لمورفيم المقيد في تغيير فونولوجيا (تقليص الصوت، تغير الصوت) و وتغيير المعاني (فقدان المعنى، فساحة المعنى، والمرادفات) كمورفيمات الحرة الموجودة الآن ويتعرضون لنفس الضاهرة ليتحويلوا الى مورفيمات القيدية لكلمات انشائية. أُجريت هذه الدراسة باستخدام المنهج الوصفي التحليلي. يُعدّ المنهج الوصفي التحليلي من أهم مناهج البحث اللغوي، إذ يُتيح للباحث وصف وتحليل الظواهر الاشتقاقية التي تؤثر على معنى الكلمات وبنيتها، ولا سيما الجانب الدلالي.
يندرج نطاق البحث ضمن إطار اشتقاق اللغة الكردية. ولإعداد البحث وتحليل الأمثلة، استُخدمت لهجة اللغة الكردية الوسطى، بالإضافة إلى المورفيمات المستقلة ومورفيمات بنية الكلمات (البادئات واللواحق) في اللغة الكردية كأدوات بحثية.
يتكون البحث من جزأين: الملخص، والمقدمة، والإطار العام، والاستنتاجات، وقائمة المصادر.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

# ئیتمۆلۆژیا و پەرەسەندنی پێشگر و پاشگرەکان لە زمانی کوردیدا

هەژار عوسمان شێخە

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان-عێراق

hejarothman81@gmail.com

پ.د. نەریمان عەبدوڵلا کەریم

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر ،هەرێمی کوردستان، عێراق

nareman.kareem@su.edu.krd

پوختەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ئیتمۆلۆژیا و پەرەسەندنی پێشگر و پاشگرەکان لە زمانی کوردیدا)یە، هەوڵی ئەوە دەدات، کە بەرەو ڕەگ و ڕیشەی پێشگر و پاشگرەکانی زمانی کوردی ڕۆبچێتە خوارەوە، مەبەست لێ گەیشتنە بەوەی، کە پێشگر و پاشگرەکانی زمانی کوردی لە کوێوە سەرچاوەیان گرتووە و چۆن پەرەیانسەندووە، ئایا هەر لە سەرەتاوە بەتەنها وەک مۆرفیمی بەندی دارشتن (پێشگر و پاشگر)، بەم شێوەی ئێستایان و بەبێ واتا دروستبوون، یاخود مۆرفیمی سەربەخۆ بوون و وەک وشەیەکی واتاداری سەربەخۆ لە زماند ڕۆڵیان بینیوە، پاشان لەگەڵ مۆرفیمی تری سەربەخۆ چوونەتە پاڵ یەکتر و وشەی لێکدراویان ڕۆناوە، دواتر بەپێی پێویستی زمانەکە و بە تێپەڕبوونی کات وردە وردە پەرەیانسەندووە و بەرەو پێشگر و پاشگر بوونەتەوە و ئەم پەرەسەندنەش بەجۆرێکە، کە گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکانی وەک (سوانی دەنگ، دەنگگۆڕکێ، جێگۆڕکێی دەنگ ...هتد) و گۆڕانە واتاییەکانی وەک (کەوتنی واتا، فراوانبوونی واتا، هاوواتا ...هتد) وایانکردووە بە تێپەڕبوونی کات و دوورکەوتنەوە لە شێوە بنچینەیی و واتا بنچینەییەکانیان نەناسرێنەوە و لە مۆرفیمی سەربەخۆوە ببن بە مۆرفیمی بەندی وشە دارێشتن (پێشگر و پاشگر)، وەک ئەو مۆرفیمە سەربەخۆیانەی، کە لە ئێستادا لە سەروبەندی ئەوەدان دووچاری هەمان دیاردە ببنەوە و ببن بە مۆرفیمی بەندی وشە دارێشتن.

## 1- پێشەکی:

زمانی کوردی وەک یەکێک لە زمانە زیندووەکانی جیهان، بەشێوەیەکی بەردەوام لە پەرەسەندن و نوێبوونەوەدایە. ئەم زمانە وەک هەر زمانێکی تری زیندوو، بەپێی یاسا و بنەما زمانییە باوەکانی تایبەت بەخۆی، هەوڵی ئەوە دەدات، بتوانێت بەردەوام لە نوێبوونەوەدا بێت و خۆی دەوڵەمەند بکات، تاوەکو لەگەڵ پێشکەوتنە زانستی، کەلتوری و تەکنەلۆژییەکانی سەردەمدا بەئاسانی خۆی بگونجێنێت، وەک چۆن هەریەک لە زمانە زیندووەکان بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و زاراوەی خۆدی زمانەکەیان ڕێگەیەک، یان چەند ڕێگەیەک هەڵدەبژێرن و بەهۆیەوە پەرەدەسێنن، کە بەشێوەیەکی زانستی هەوڵی پەیرەوکردنی دەدەن بۆ ڕۆنانی وشە و بەدەستهێنانی واتای نوێ. دارێشتن، وەک یەکێک لە ڕێگە هەرە باوەکانی گەشەکردنی وشە و زاراوە، بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی وشەسازی . وەک: (پێشگر، پاشگر، ناوگر

و ناوبەنـد) ئەو توانـایە فەراهەم دەکـات، تـا زمـان بتوانێـت وشـە و زاراوەی نـوێ بخـاتە فەرهەنـگەوە و واتـای خـۆی بە نـوێی و ڕوونی بگەیەنێـت زمـانیش لە چەقبەسـتوویی و لەناوچوون بپارێزێت و بەزیندوویی بیهێڵێتەوە .

**2- ناونیشان و بواری توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (ئیتمۆلۆژیا و پەرەسەندنی پێشگر و پاشگرەکانی زمانی کوردی)یە، دەکەوێتە بوار و چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی ئیتمۆلۆژیاوە.

**3- هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:**

بەهۆی کەمی یاخود نەبوونی توێژینەوە بەپێی پێویست لە بواری ئیتممۆلۆژیای وشەی زمانی کوردی بەشێوەیەکی گشتی و پێشگر و پاشگرەکانی بەتایبەت، ئەم بۆشاییە لە زانستی ئیتمۆلۆژیا وایکردووە، کە نەتوانرێت بڕیاری یەکلاکەرەوەی زانستییانە لەربارەی چەندین مۆرفیمی زمانی کـوردی لەنێوان مـۆرفیمی (سـەربەخۆ) و مـۆرفیمی بەنـدی وشـە دارێشـتن (پێشگر و پاشگر) بدرێت، یاخود دەکرێت بگوترێت پرۆسـەکە بەشـێوەیەکی نازانسـتیانە بەڕێوەچـووە، ئەمەش وەک کەلێن و گومانە لە زانستی وشەسازی و زمانەوانیی کوردیدا، بۆیە هەوڵدەدەین توێژینەوە لەلایەنی ڕەگ و ڕیشەی بەشێك لە پێشگر و پاشگرەکانی زمانی کوردی بکەین، بەهیوای ئەوەی تیشک بخەینە سەر کێشە و گرفتەکانیان و بەرەو ڕوونکردنەوە و یەکلاکردنەویان هەنگاوبنێن.

**٤- میتۆدی توێژینەوەکە:**

ئەم تـوێژینەوەیە بە ڕێبازی وەسـفیی-شـیکارانە ئەنجامـدراوە. ڕێبازی وەسـفی و شـیکردنەوە یەکێکە لە گرنگترین ڕێبازەکانی توێژینەوەی زمانەوانی، کە ڕێگە بە توێژەر دەدات بۆ وەسفکردن و شیکردنەوەی دیاردە ئیتمۆلۆژییەکان، کە بەسەر واتا و شێوەی وشەکاندا هاتوون، بەتایبەت لایەنی واتا.

**٥- سنوور و کەرەستەی توێژینەوەکە:**

سـنووری تـوێژینەوەکە لە چـوار چێـوەی ئیتمۆلۆژیـای زمـانی کوردیـدایە، بـۆ نووسـینی تـوێژینەوەکە و شـیکاریکردنی نموونەکـان، زاری کرمـانجی ناوەڕاسـتە و مـۆرفیمی سـەربەخۆ و مـۆرفیمی بەنـدی وشـە دارِشـتن (پێشـگر و پاشـگر) زمـانی کـوردیش کـراون بە کەرسـتەی لێکۆڵینەوەکە.

**6- پرسیارە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:**

- دەکری لێکۆڵینەوەی ئیتمۆلۆژیایانە لە پێشگر و پاشگرەکانی زمانی کوردیدا بکرێت؟
- ئایا پێشگر و پاشگرەکانی زمانی کوردی لە سەرەتادا وشەی واتادار و سەربەخۆبوون و وردەوردە پەرەیانسەندووە و شێوەیان گۆڕاوە و واتاکانیان لەدەستداوە؟
- لە ئێستادا هیچ پێشگر و پاشگرێک هەن، کە دووچاری ئەم پەرەسەندنەبووبن.
- ئایـا پەرەسـەندنی پێشـگر و پاشـگرەکان دەتـوانن بـبن بە بنەمـایەک بـۆ دەوڵەمەنـدکردن و بەردوامیدان بە نوێبوونەوەی زمانی کورد؟

**7- گرفتەکانی توێژینەوەکە:**

- یەکلانەکردەوە ڕەگ و ڕیشەی بەشێك لە پێشگر و پاشگرەکانی زمانی کوردی.
- کەمی توێژینەوە و فەرهەنگی تایبەت بە ئیتمۆلۆژیا زمانی کوردی بەگشتی و نەبوونی دەربارەی پێشگر و پاشگرەکانی زمانی کوردی بەتایبەت.
- نەبـوونی هـاودەنگی زمانەوانـانی کـورد دەربـارەی مـۆرفیمە بەنـدە وشـەدارێژەرەکان، بەجۆرێـک هەنـدێک لە مۆرفیمەکـان یەکلانەکـراونەتەوە لەنێـوان مـۆرفیمی (سـەربەخۆ و بەنـد) یـاخود



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

مۆرفیمی بەندی (وشەدارشتن و رێزمانی).

- توێژینەوە و فەرهەنگە ئیتمۆلۆژییەکان لایەنگیر و هەست و سۆزی تێدا بەدیدەکرێت، ئەمەش وایکردووە ببێتە لایەنێکی لاوازی فەرهەنگە ئیتمۆلۆژییەکان. جگە لە چەند دانەیەکیانیان نەبێت.

**٨- ناوەڕۆك و پلانی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە جگە لە پوختە و پێشەکی و چوارچێوەی توێژینەوەکە و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لەدوو بەش پێکهاتووە:

**٩- بەشەکانی توێژینەوە:**

**بەشی یەکەم:** (لایەنی تیۆری هەر یەکە لە (ئیتمۆلۆژیا) و (پێشگر و پاشگر) لەخۆدەگرێت.

**بەشی دووەم:** لایەنی کردارەکی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت، کە چەند پێشگر و پاشگرێک لایەنی ئیتمۆلۆژیایان لەسەر پراکتیزەکراوە و رەگ و ریشەیاندا خراوەتەڕوو، چەند نموونەیەکیش لە پێشگر و پاشگرەکانی زمانی کوردی چۆنیەتی پەرەسەندنیان خراونەتەڕوو، کە چۆن پەرەیان سەندووە. لە کۆتایشدا ئەنجامەکان، لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

**١-١-١ ئیتمۆلۆژیا (Etmology) چییە؟**

ئیتمۆلۆژیا لقێکە لە زمانناسی دەچێتەوە سەر زمانناسی مێژوویی، بەدواچوون بۆ بنچینەی مێژوویی وشەی زمان دەکات، لەرووی پەیدابوون و دەرکەوتن و ئەو گۆڕانانەی بەسەریدا دێت، وەکو دەربڕین یان واتا و بنچینەی وشە خێزانە زمان دەردەخات، کە سەر بە چی زمانێکە، واتە گێڕانەوەی بنچینەی وشەکە.

**١-١-٢ زاراوە (ئیتیمۆلۆژیا)**

ئیتیمۆلۆژیا زاراوەیەکی زانستییە کە لە زمانی یۆنانیی کۆنەوە هاتووە لە دوو کەرت پێکهاتووە:

**Etymonش(ἔτυμον)** ئیتمۆ، واتا: (ڕاست، رەگی ڕاست، بنەڕەت)، لە ئیتیمۆلۆژیا دا، etymon ئەو کەرتەیە، کە لە سەرەتادا بەکارهاتووە، ئەم بەشە ئاماژە بە شێوەی سەرەتایی وشە دەکات، پێش هەر گۆڕانکارییەکی دەنگی یان واتایی، بۆ نموونە، کاتێک دەڵێین:

ئیتمۆلۆژی وشەیەک چییە؟

واتا: رەگی سەرەتای و ڕاستی ئەو وشەیە چی بووە؟

**Logia (λογία)** لۆژیا یان لۆگیا، واتا: (وتار، زانست، توێژینەوە)، لە ئیتیمۆلۆژیا دا، etymon ئەوکەرتەیە، کە لە دوای کەرتی دووەمەوە دێت و لە زۆر زاراوەی زانستیدا دەبینرێت، وەک:

Biology واتا: (زانستی ژیان)

Socioloia واتا: (زانستی کۆمەڵگا)

لێرەدا،(logia) لۆژیا واتای توێژینەوەی فەرمی و ئەکادیمی دەدات

واتای گشتیی زاراوەکە، کاتێک ئەم دوو کەرتە پێکەوە وەردەگرین، ئیتیمۆلۆژیا = زانستی توێژینەوەی رەگی بنەڕەتی و ڕاستی وشەکان، (دێڤد کریستال، ١٩٨٧، ٥٣).

**١-١-٣ گرینگیی زاراوەی ئیتمۆلۆژیا (Etmology)**

گرینگی زاراوەکە لەمەدایە، کە ئیتیمۆلۆژیا زانستێکی فەلسەفی یان گومانبردن نییە، بەڵکو پشت بە بەڵگەی مێژوویی و یاسای زمانی دەبەستێت و جیاوازی دەخاتە نێوان (رەگی ڕاستی) و( گومانبردن یان تێڕوانینی گەلەکی)، رێگە دەدات وشەکان بە شێوەی زانستی لێکدانەوەیان بۆ

بکرێ، نەوەکو تەنها بە هەست و گومان. (دایڤد کریستال، ١٩٨٧، ٥٢-٥٤).

**١-١-٤ پێناسەی ئیتمۆلۆژیا:**

بەپێی کات و سەردەمە جیاوازەکان پێناسەی زۆر بۆ ئیتمۆلۆژیا کراوە، ئێمەش هەوڵدەدەین هەندێک لەم پێناسانە بخەینە ڕوو و بیر و بۆچوون و تێڕوانینی خۆمانیان لەبارەیەوە بخەینەڕوو.

فەرهەنگی ئۆکسفرد بەم شێوەیە پێناسەی بۆ ئیتمۆلۆژیا کردووە: ((ئیتیمۆلۆژیا زانستێکە، کە لێکۆڵینەوە لە سەرچاوەی وشەکان دەکات و شێوەی گۆڕانی واتاکانیان و لەسەر دەستکەوتی بنچینە)) (فەرهەنگی ئۆکسفۆرد، ١٩٩٤، ١٢٣). ئەم پێناسەیە پێناسەیەکی کورت و کۆنی ئیتمۆلۆژیایە، کە هەمان پێناسەیە لە چاپی دووەمی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد بۆ ئیتمۆلۆژیای ئینگلیزی لە ساڵی ١٩٦٦ کراوە.

موحسین ئەبوقاسمی بەم شێوەیە پێناسەی ئیتمۆلژیا دەکات و دەیناسێنێت: ((ڕیشەشناسی یان ئیتیمۆلۆژی، کە بە ئینگلیزی (Etmology)یە، زانستێکی زمانەوانییە، کە لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەی مێژوویی دامەزراوە و بە تێپەڕبوونی کات فۆرم و واتاکەی گۆڕیوە)) (ئەبوقاسمی، موحسین، ١٣٨٩، ٩٦). ئەم پێناسەیە پێناسەیەکی زۆر گشتگیرە و ڕۆنەچۆتە ناو پێناسەیەکی وردی ئیتمۆلۆژیا، بەوردبوونەوە لەم پێناسەیە ئەوە دەبیندریت، کە تیشک خستۆتە سەر لایەنی مێژوویی و فۆرم و واتا، لە کاتێکدا لایەنی بنەچەی وشەکە و قوناغەکانی پەرەسەندن و گۆڕانی فۆنەتیکی و ئایە وشەکە وشەی خودی زمانەکەیە، کە لێکۆڵینەوی دەربارە کراوە یان وشەیەکی دەرەوەی زمانەکەیە.

((ئیتمۆلۆژی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە مێژووی وشە، وەک: پێشگر، پاشگر، جێناوەکان ....، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە گۆڕانکارییە دەنگی و واتاییەکان، کە بەدرێژایی مێژوو بەسەر وشەیەدا هاتووە،لە کۆنترین کاتی بەکارهێنانیەوە تا کاتی نووسینی مێژووی ئەو وشەیە)) (باربارا ئان، ١٩٨٤، ١٣١).

پێناسەیەکی تری ئیتمۆلۆژیا کە عەلی عەبدولوللا کردویەتی: ((ئیتمۆلۆژیا 'اصول الكلمات' بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە سەرچاوەی وشەکان و مێژوویان و پەرەسەندنی ماناکانیان بە تێپەڕبوونی کات. ئەم زانستە سەرنجی لەسەر لێکۆڵینەوە لە ڕەگ و ڕیشەی وشەکان و شیکردنەوەی گۆڕانکارییە زمانەوانییەکانیان و دەرهێنانی مانا ڕەسەنەکانیانە)) (عبدللە، علی، ٢٠١٥، ٢٣). ئەم پێناسەیەی یەکێکە لە پێناسە هەرە گونجاوەکان، بۆ زانستی ئیتمۆلۆژیا، بەجۆرێک وردبوەتەوە و پرژاوەتە سەر زۆربەی ئەو لایەنانەی کە ئیتمۆلۆژیا پێیانەوە پەیوەست و وەک کەرستەیکی ئیتمۆلۆژیا بەکاریان دەهێنێت.

**١-١-٥ سوود وگرینگی ئیتمۆلۆژیا:**

وەک ڕوونە ئیتمۆلۆژیا سوودەکانی گشتی و فرەلایەنە، بەجۆرێک دەکرێ سەرجەم زمان و گەل و نەتەوەکان پشکی خۆیان لێی سوودمەند بن، ئەمەش هەلێکی زێڕینە بۆ نەتەوەی کورد و زمانەکەی.

١- کارکردن لەم زانستەدا بەگشتی بە بەراورد کردنی لەگەڵ لقەکانی تری زمانەوانی لەبەر گرانی و ئاڵۆزی سروشتی لێکۆڵنەوەی ئیتمۆلۆژی خۆی و نەبوونی دەکۆمێنتی نووسراو و باوەڕپێکراو، سەخت و دژوارە، ئەوەندە لای لێ نەکراوەتەوە، لەبەرئەوە هەر کارێک لەبواری ئیتمۆلۆژی کوردیدا بکرێت، کارێکی نوێیە و بەپرکردنەوەی کەلێنێک لە کەلێنەکانی زمانەوانی کوردیدا، دادەنرێت.

٢- لێکۆڵینەوە و کارکردن لە ئیتمۆلۆژی و شەدا، پەی بردن و ناسین و زانینی یەکەم واتای وشە، بەتەنیا کارکردن نییە لەسەر ئەو کەرستانەی کە سیمانتیك و لیکسیکۆلۆژی کاری لەسەر دەکەن، بەڵکو پەل بۆ چەندین ئاستی تری وەك: فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی و گراماتیکی تر دەهاوێژێت و کەرەسەکانیان دەکات بەبابەتی لێکۆڵینەوەکانی خۆی.

٣- ئاشکرایە کە واتا دەربڕی بەشێکی کەمی چەمکە، شۆڕبوونەوە و چوونە خوارەوە بەقووڵایی ناخی مێژوودا بۆ دەست خستنەسەر هۆ و هوکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو چەمکانەی کە بەشێک لە واتاکانیان بە وشە گەیەنراوە، دەمانبەنەوە سەر ئەو فاکتەرە بەهێز و سەرەکی و گرنگانەی کە بوون بەهۆی سەرهەڵدان و گەڵاڵەبوونی ئەو چەمکانە، بەمەش دەکرێت پەردە لەسەر هەندێ لایەنی جۆری کلتور و چەشنی بیرکردنەوە و سروشتی پەیوەندییە کومەڵاتییەکانی جارانی کورد، لابېردرێت، کە تاکو ئەمڕۆ بەلێڵی ماونەتەوە.

٤- زمان سستەمە و بەپێی یاسای تەیبەتییەکانی خۆی کاردەکات، هەر گۆڕانێک بەسەر کەرستەی هەر ئاستێکیدا، بێت، دەتەنێتەوە بۆ ئەوانی تریش، زمان دەزگایەکە بە یەکێتی دانە(یونت)ەکانی لەگەڕدایە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییانە کارکردن لە بواری ئیتمۆلۆژیدا، باشترین ڕێگایە.

٥- لەسەر بنەمای زانستی ئیتمۆلۆژی و پێشکەوتنی ڕەوتی ئەو زانستەیە کە لەسەر دەستی زمانەوانە ئەوروپایەکانی سەدەی (١٩) و بەولاوەتر، گەشی سەند، زمانەکانی جیهان بەسەر چەند گروپێکی سەرەکیدا، دابەشکران، کە یەکێکیان گروپی زمانە هندو ئەوروپاییەکانە و لقێکیشی زمانە ئیرانیەکانە و کوردیش، یەکێکە لەوان.

٦- گەیشتن بەئیتمۆلۆژی وشەی کوردی، ئاوێنەیە بۆ نیشاندانی هاوبەشی و جیاوازیی فەرهەنگی کوردی لەگەڵ زمانە هاوگروپەکانی خۆیدا، لێرەدا، دەست دەخرێتە سەر ئەو ڕاستییەی کە لە بنەڕەتدا تێکڕایی گروپی زمانە هند و ئەوروپاییکان لەیەك دایکەزمانەوە داکەوتوون و تا ئەمڕۆ فەرهەنگی ئەو لە هی هەموو ئەوانەی لەو بوونەتەوە بەپلەی جیاواز، ڕەنگ دەداتەوە.

٧- لە ڕێگەی ئیتمۆلۆژییەوە، دەشێت بزانرێت فەرهەنگی زمانی کوردی، جگە لە فەرهەنگی زمانە هاوگروپەکانی خۆی لەگەڵ فەرهەنگی کام زمانی دەوروپشت و دەر و دراوستێدا لە پەیوەندیدا بووە و فەرهەنگی ئەو زمانانە، چ ڕۆڵێکیان لە گەشەسەندن و نەشونماکردنی فەرهەنگی کوردیدا بینیوە؟ بەپێچەوانەشەوە، هەر بەهۆی بەئەنجام گەیاندنی وشە کوردیەکانەوە، ئەو ڕاستییە مێژوویەش دەسەلمێنرێت کە تەنیا فەرهەنگی زمانانی تر کاریان نەکردۆتە سەر کوردی، بەڵکو بەپێچەوانەوەش، ئەوانیش، فەرهەنگەکانیان بەکارتێکردنی فەرهەنگی کوردی فراوان و دەوڵەمەند بووە.

٨- هەر لەڕێگەی ئیتمۆلۆژییەوە سروشت و جەوهەری دیالێکتە کوردییەکان و قۆناغە تایبەتییەکانی گۆڕان و ڕەوتی بەرەو پێشچوونی مێژوویی هەر یەکێکیان بڵاو دەکرێتەوە و ئەوسا سەربەخۆیی هەریەکێکیان و یەکگرتنەوەیان لەباوەشی زمانی کوردیدا، ڕوون ئاشکراتر دەبێت.

٩- لەدەرەوەی زمانیش، لێکۆڵینەوە لە ئیتمۆلۆژی وشە ڕوونکەرەوەی لایەنی ڕووداوی مێژوویی و شوێنی گیۆگرافی نیشتەجێبوون و سایکۆلۆژی کورد و دیاریکردنی چەشنی بیروباوەڕی ئەو سەردەمانەن، کە لەسەر بنەمای ئەوان، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بنیات نراون، (سدیق، فاروق عومور، ٢٠١٥، ٨).

**١-٢-١ چەمک و پێناسەی پێشگر**

لەڕووی زاراوەوە، زاراوەی پێشگر لەزاراوەی پریفێکسی- لاتینییەوەوەرگیراوە، واتەبە لاتینی بە پێشگر دەوترێت (prefixus)، کە زاراوەیەکی لێکدراوە و لە دوو بەش پێکهاتووە، (Pre) بە واتای (بەش) و (بەردەم) دێت، و (fixus) بە واتای (چەسپاو - نوساو – لکاو) دێت(فەخری، نەسرین، ١٩٧٣، ٢٣٧).

لەڕووی پێناسینیشەوە، تا ئێستا کۆمەڵێ پێناسەبۆ پێشگر کراون، لەوانە:

((پریفێکس زاراوەیەکی گراماتیکییە، ئەو مۆرفیمەیە، کە دەکەوێتە بەشی پێشەوەی وشە و دەبێتە هۆی گۆڕینی وشەکە لە ڕووی فۆڕم و واتاوە)) (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٣٧).

ئەوەی لەم پێناسەی دەردەکەوێت، پێشگر دوو مەرجی هەیە، یەکەمیان دەبێ لەبەشی پێشەوەی وشەوەدێت، دووەمیان مەرجەئەو پێشگرەی دەخرێتەسەر وشە، واتای وشەکەبگۆڕێت.

((پێشگر مۆرفیمێکی لکاوە، کە لەسەرەتای وشە زیاددەکرێت بۆ گۆڕینی مانا دروستکردنی وشەی نوێ)) (لۆری باوەر و ئەوانی تر، ٢٠١٣، ٥٣).

((پێشگر ئەو پیتەیە یا پیتانەیە، کە ئەلکێنرێ بە پێش واژەیەکەوە بۆ مەبەستێ، پێی ئەوترێ : پێشگ)) (ئەمین، نوری عەلی، ١٩٥٨، ٩٤).

((پێشگر ئەو مۆرفیمەیە، کە بە بەشی پێشەوەی وشەوە دەلکێ و ڕواڵەت و ناوەرۆکی وشە دەگۆڕێ و دەوری ڕۆنانی وشە دەبینێ)) (حاجی مارف، ئەورەحمانی، ٢٠٠٤، ١٠٦).

((پێشگر مۆرفیمێکی بەندە وەکو زیادەیەکی وشەداڕێژ دەکەوێتە سەرەتای وشە)) (شوانی، ڕەفیق، ٢٠١٦، ٢٢٣).

**١-٢-٢ چەمک و پێناسەی پاشگر**

لەڕووی زاراوەوە، زاراوەی پاشگر لەزاراوەی سەفێکسی- لاتینییەوەوەرگیراوە، واتەبە لاتینی بە پاشگر دەوترێت (su-fixes)، ئەمەش لە دوو بەش پیکهاتووە، (su) بە واتای پاش، و (fixes) بە واتای (چەسپاو – نووساو – لکاو ) دێت (فەخری، نەسرین، ١٩٧٣، ٢٣٩).

**لەڕووی پێناسینیشەوە، تا ئێستا کۆمەڵێ پێناسەبۆ پاشگر کراون، لەوانە:**

((پاشگر ئەو پیتەیە یان پیتانەیەکە ئەنووسێنرێ بە وشەیەکەوە بۆ مەبەستێ." (ئەمین، نوری عەلی، ١٩٥٨، ٥).

پاشگر بەو مۆرفیمە دەوترێت، کە بە کۆتایی بناغەی وشەوە دەلکێت و دەبێتە هۆی گۆڕینی وشە لەڕووی فورم و واتاوە(فەخری، نەسرین، ١٩٧٣، ٢٣٩).

"پاشگر ئەو مۆرفیمەیە، کە بە کۆتایی بناغەی دەنووسێ و ڕواڵەت و ناوەرۆکی وشە دەگۆڕێ و دەوری ڕۆنانی وشە دەبینێ" (حاجی مارف، ئەورەحمانی، ٢٠٠٤، ٨١).

"پاشگر زیادەیەکی وشەداڕێژە وەکو مۆرفیمێکی بەند دەکەوێتە کۆتایی ڕەگ و قەدەوە، وشەیەکی نوێ پێکدەهێنێت" (شوانی، ڕەفیق، ٢٠١٦، ٢٢٤).

**١-٢-٣ پێشگر و پاشگرەکانی زمان لە نێوان واتاداربوون و بێواتایی**

لەبارەی واتاداربوون و واتادارنەبوونی پێشگر و پاشگر لە زماندا، چەند بۆچوونێك هەن، لەوانە:

١- لە ڕوانگەی مێژوویـیەوە زۆربەی زمانەوانەکان لەو باوەڕەدان، کە پێشگر و پاشگرەکان لە بنەڕەتدا وشەی واتاداربوون، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنانیاندا، نرخی

واتاییان لەدەستداوە، لەکاتێکدا بەتەنیا بەکاردەهێندرێن. هەندێک وشە هەن، وەک (بەر، سەر، لا، پێش، پاش، دوا، ژێر، بن ...)، کە ناو و ئاوەڵکارن، واتە وشەی واتادارن، بەڵام دەتوانن وەك پێشگریش خۆیان بنوێنن، بە وێنە:

(بەر) لە وشەی لێکدراوی (بەرماڵ)دا، یان لە ڕستەی (نەسرین چووە بەر هەتاوەکە.)دا وشەیە، بەڵام لە وشەی (بەربوون) و (بەردان)دا وەک پێشگر مامەڵە لەگەڵدا دەکرێ. هەروەها ژمارەیەك پرێپۆزیشن بە وێنە (پێ، تێ، تێ) وەك پێشگریش خۆیان دەنوێنن، بە نموونە (پێکەنین، پێگەیشتن...)، (تێکردن، تێگرتن ...)، (لێدان، لێنان ...)... هتد. وشەکانی (دەر، بەر سەر، لا، پێش، پاش، دوا، ژێر، بن...) و (بێ، پێ، تێ...)، کە دەبنە پێشگر لە وشەی دەشورێنەوە و سەر بە هیچ یەکێك لەو (دە) بەشە ئاخاوتنەی کوردی نابن(حاجی مارف، ئەوڕەحمانی، ٢٠١٤، ١٧).

واتەلەڕووی مێژییەوە زۆربەی زمانەوانان لەسەر ئەو باوەڕەن، کە بەشی زۆری پێشگر و پاشگرەکان پێشتر وشەی سەربەخۆ بوون و بەتەنیا واتایان داوە، پاشان وەک پێویستییەکی زمان، بۆ دەربڕینی واتای نوێ لەگەڵ وشەی تردا یەکیان گرتووە و وشەی لێکدراویان هێناوەتەکایەوە، دواتر بە تێپەڕبوونی کات و زۆر بەکارهێنانیان، هەندێك پارچەیان لێ سواوە و بەرەبەرە فۆڕمی تازەیان وەرگرتووە. ((هەندێ لەم پێشگر و پاشکرانە واتای تایبەتی و سەربەخویان نییە، بەڵام لە ئەسڵدا وشەییکی واتا بەخش بووین و وردە وردە واتایان نەماوە بۆ دروستکردن و گۆڕانی واتای نوێیان بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان بەشەکانی ڕستەوە بەکار دەهێنرێن.)) (ئەلواڤی، عەبدولواحد، ٢٠٠٧، ١٤١)

٢- ئەو پێشگر و پاشگرانە لەپڕ دەرنەکەوتوون، بەڵکو بەپێی پێویستی و لەسەر بنەمای زمانەکە خۆی دەرکەوتوون.

٣- پێشگر و پاشگرەکان لە زماندا بەتەنیا بایەخیان نییە و بەشێوەیەکی سەربەخۆ کارناکەن، بەڵکو کاتێ دەچنە سەر وشە، دەتوانن دەوری دروستکردنی وشە ببینن، واتە ناکرێ بەجیا بنووسرێن یان بەکاربهێنرێن(حاجی مارف، ئەوڕەحمانی،١٩٨٢، ٥٦).

٤- پێشگر و پاشگر وشە نین و بەشێك نین لە بەشەکانی ئاخاوتن، بەڵکو جاران وشە بوون، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و پەرەسەندنی کۆمەڵ، ئەمانە لە وشەی شۆراون و بوون بە خاوەن خاسیەتێکی تازە، بۆیە ئەمڕۆ ئەم زاراوەیە تازەیان بۆ دانراوە، کەواتە پێشگر و پاشگر ئەمڕۆ ئەوانەن کە بەتەنیا واتا نابەخشن، بەڵام بە چوونە پاڵ وشە، واتاکان سەرهەڵدەداتەوە (فەخری، نەسرین و موکریانی، کوردستان، ١٩٨٢، ١٣٠).

٥- هەندێ لە پێشگر و پاشگرەکان کە بەشداری لە ڕۆنانی وشەدا دەکەن، وەک مۆرفیمێکی سەربەخۆ کاریان کردووە، ((وشەی سەربەخۆ بوون و بەپێی گۆڕان و پێشکەوتنی زمان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و ئەو فۆڕمانەی ئێستایان وەرگرتووە، لەبەر ئەوە کاتێ دەچنە سەر وشە، واتاکانی پێشوویان پێ دەبەخشن)) (قادر، شێرکۆ حەمەئەمین، ٢٠٠٢، ٢٣).

### ١-٢-٤ سوودی پێشگر و پاشگر لە زمانی کوردیدا:

زمانی کوردی یەکێکە لە زمانەکانی سەر بە کۆمەڵە زمانەکانی هیندۆ ئەورووپی، دەچێتە کۆمەڵی زمانە ئێرانییەکان و زمانێکی سەربەخۆیە و تەواو جودایە لە زمانە ئێرانییەکان، (ئیسماعیل، زوبێر بیلال، ١٩٨٤، ١٥)، وەک هەریەکە لە زمانەکانی سەر بە کۆمەڵی زمانە هیندۆ ئەوروپییەکان بۆ دەڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانەکەی و پڕکردنەوەی پێداویستی خۆی و

زینـدوو مـانەوەی و خۆگونجانـدنی لەگەڵ بەرەوپێشـەوەچوونی سـەردەم و خـۆبەدوورگرتن لە قەتیزبوون و پووکانەوە، چەنـد رێگـەیەک پەیـڕەو دەکات، وەک: رێگـەکانی (وەرگـرتن، پێوانە، لێکدان، داتاشین، کورتکردنەوە، دارشتن...هتد)، هەندێ لەم رێگەیانە پتر چالاکترن بەراورد بە رێـگەیەکی دیـکە، رێـگەی دارشـتنیش یەکـێکە لە رێـگە چالاکەکـانی زمـانی کـوردی لە دەوڵەمەنـدکرنی فەرهەنگەکەیـدا، ((دارشـتن، بەسـوودوەرگرتن لە گیرەکەکـا، لە زۆربەی زمانەکانـدا، بـاوترین و پـڕبەرهەمترین رێـگەیە بـۆ دارشـتنی وشـەی نـوێ )) ( غیـاسی، داود ، ئەبوحەسـەنی، امـیر حوسـین، ١٣٨٤، ١٨٦). کە ئەمەش بەهـۆی مـۆرفیمی بەنـدی وشەدارێژەکانییەوەیە (پێشگر، ناوگر، پاشگر)، هەرچەندە بیروبۆچوونی جیاواز لای زمانەوانان دەربارەی بوون و نەبوونی ناوگر لە زمانی کوردیدا هەیە، زۆرێک لە زمانەوانان پێیان وایە ناوگر لە زمانی کوردیدا نییە، ئەگەر هەشبێت رەنگە چەند وشەیەکی زۆر کەم بەرچاوبکەوێت. " ناوگر ئەو ئەفیکسەیە، کە لەناو رەگدا دەردەکەوێ، بەپێی زانیاریی ئێمەئەم جۆرە ئەفێکسە لە زمانی کوردیدا ئەستەمەهەبێت. ئەو نموونانەی هەندێ نووسەر دەیهێنن، کە گوایە ناوگرن، ناشێ بە ناوگریان لەقەڵەم بدەین، چونکە بەر پێناسینی ناوگر ناکەون." (ئەمین، وریا عومەر، ٢٠٠٩، ١١٩). گرنگییەکەی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١. پێشگر و پاشگرەکانی زمانی کوردی رۆڵی گرنگ و فرە دەگێڕن لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیدا.

٢- پێشگر و پاشگرەکانی زمـانی کـوردی رێگەیەکی چـالاک و بەبەرهەمـن لە رێگەکـانی رۆنـانی وشەی زمانی کوردیدا.

٣- کارئاسـانین بـۆ زمـان، بەجۆرێـک لە بۆشـایی نەبـوونی پێشـگر و پاشـگر قورسـاییەکی زۆر دەکەوێتە سەر زمان و قسەپێکەرانی زمان، دەخوازێت بۆ هەر تەن و چەمکێکی دەوروبەر، فۆرم و نـاوەرۆکێکی تـایبەت دابڕێژرێـت، کە ئەمەش فەرهەنـگی زمـان ئـاڵۆز دەکـات و زۆر گـران دەکەوێت لەسەر زمان و قسەپێکەرانی زمان.

٤- رۆنانی وشە بەهۆی پێشگر و پاشگر، رێگەخۆشکەرە و فێربوونی زمانە خێراتر دەکات بۆ فێرخـوازانی زمـان، کە خوازیـاری فێربـوونی زمـانی دیکەن و هەم بـۆ تـاکی خاوەنزمـان، لەرێگەی فێربوونی تاکە وشەیەک وا دەکات ئاستی پێشبینیکردن چالاک بێت بۆ وەرگرتن و لێکدانەوەی وشەی دواتر، بۆ نموونە: پاشگری (چی)، کە واتای کارامەیی و شارەزایی پیشە دەگەیەنێت، بۆیە وا دەکات فێرخـوازانی زمـان بەئاسـانی لە واتـای ئەم وشـانە تێبگات، کە پاشـگری (چی)یان پێوە لکاوە.

٥- وا دەکەن زمان بە زیندوویی بمێنێتەوە و خۆی لەگەڵ گۆڕان و بەرە وپێشەوەچوونی سەردەم بگونجێنێت.

٦- پاشـەکەوتکردن (ئیکۆنۆمی)ی وزە و کەمتر بەهەدەردانی تواناکان لەکاتی ئاخاوتنـدا، بەراورد بەرێگەی لێکدان.

٧- باشترکردن و خێرایی لە دەربڕین، بەشێوەی نووسین، بەجۆرێک کۆدەکان خێراتر دەردەبڕدرێن و دەنوسرێن و دەکرێنەوە.

٨- لە زمانی کوردیدا پێشگر و پاشگرەکان دەتوانن بچنە سەر زۆرێک لە بەشە ئاخاوتنەکان و سوودیان لێوەربگرن و بەکاریان بهێنن لە رۆنانی وشە بە شێوە (فۆرم) و واتای نوێ.

### ١-٢-٥ تایبەتمەندییەکانی پێشگر و پاشگر



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

هەندێ لە پێشگر و پاشگرەکان کاتێ دەچنە سەر ڕەگ یان وشە ئەم تایبەتمەندییانەیان هەیە:

١- بەشە ئاخاوتنی وشە دەگۆڕن، واتە ئەگەر وشەکە پێش وەرگرتنی پێشگر و پاشگرەکان بەشە ئاخاوتنێک بێت، ئەوا دوای وەرگرتنی پێشگر و پاشگرەکان، بەشە ئاخاوتنەکەی دەگۆڕێت، واتە ئاوەڵکار دەکەنە ناو، یان ناو دەکەنە ئاوەڵناو... هتد، وەک:

بن = ئاوەڵکار

بن + ار = بنار: ناو

پێش = ئاوەڵکار

پێش + ەوا = پێشەوا : ناو (سەعید، یوسف شەریف، ٢٠١٣، ٢٣ – ٢٤)

زێڕ = ناو

زێڕ + ین = زێڕین ئاوەلناو

زەرد ئاوەڵناو

زەرد + ێنە = زەردێنە (ناو)

٢- ((یەکێك لە سیما گرنگەکانی مۆرفیمی وشەدارێژ لە زمانی کوردیدا ئەوەیە، کە بەزۆری بەهێزن، واتە هێزی سەرەکی وشەدارێژراوەکە بۆ خۆیان ڕادەکێشن، لە دوخێکدا دووانیان دەچنە سەر وشەیەك، ئەوا ئەوەی دووەم هێزەکە ڕادەکێشێ)) (قادر، سەباح ڕەشید، ٢٠٠٠، ٢٧).

٣- شێوە و واتای دەگۆڕێت، بەجۆرێک هەندێجار پەیوەندی دژواتایی دروستدەکات(عەبدوڵا، ڕۆژان نوری، ٢٠٠٧، ٢٨)، وەک:

ڕێک x نارێک

٤- دەکرێ لە پێشگرێک یان پاشگرێک زیاتر بەشداری لە ڕۆنانی وشەیەک بکەن، وەک:

ا- بەژداریکردنی زیاتر لە پێشگرێک لە ڕۆنانی وشەی دارێژراو،

پێشگر + پێشگر + چاوگ = چاوگی دارێژراو

تێ + ڕا + چوون = تێڕاچوون

ب- بەژداریکردنی زیاتر لە پاشگرێک لە ڕۆنانی وشەی دارێژراو:

وشە + پاشگر + پاشگر = چاوگی دارێژراو

سوتان + اندن + ەوە = سووتاندنەوە

٥- هەندێ وشە لە زمانی کوردیدا بەتەنیا بەکارنایێت، دەکرێ بەهۆی پێشگر و پاشگرەکانەوە بەکاربهێنرێن و واتا ببەخشن. بەو واتایەی پێشگر و پاشگرەکان گیان بە وشەکان دەبەخشن و دەبنە هۆی بەکارهینانیان، وەک:

واسی (بێواتا)

هەڵواسی: بەهۆی پێشگری (هەڵ) توانراوە بەکار بهێنرێت و دووبارە واتای بەبەردا بکرێتەوە.

خولان (بێواتا)

خولانەوە: بەهۆی پاشگری (ەوە) توانراوە بەکاری بهێنرێت و دووبارە واتای بەبەردا بکرێتەوە.

چەڵکین (بێواتا)

ڕاچڵەکین: بەهۆی پێشگری (ڕا) توانراوە بەکاری بهێنرێت و دووبارە واتای بەبەردا

بکرێتەوە.

٦- تەنیا دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای وشە، بەبێ ئەوەی بەشە ئاخاوتنەکە بگۆڕێت، وەک:

کرد: کار
ڕا + کرد = ڕاکرد (کار)
هەڵ + کرد = هەڵکرد (کار)
کرد + ەوە = کردەوە (کار)
چوو (کار)
هەڵ + چوو = هەڵچوو (کار)
ڕۆ + چوو = ڕۆچوو (کار)
دەر + چوو = دەرچوو (کار)
چوو + ەوە = چووەوە (کار) (خۆشناو، نەریمان عەبدوڵا، ٢٠٢٣، ١٤٦)

٧- هەندێ پیشگر و پاشگر کاتێ دەچنە سەر وشە، ئەوا وشەکە هەمان واتا دەگەیەنێت و ناگۆڕێت ( نە پۆلی وشە دەگۆڕن، نە واتای وشە دەگۆڕن)، بۆ نموونە هەندێ وشە هەیە، واتای شوێن دەگەیەنێت، وەک: (ڕێ، جێ، کان، هەوار ... هتد)، کەچی پاشگری (گە، گا)ی پێوە دەلکێنرێت و هەر واتای شوین دەگەیەنێت و ناگۆڕێت .( لێژنەی زمان و ڕێزمان ، ٢٠٠٠، ١٨٩)، وەک:

ڕێ: ڕێگە، گا
جێ: جێگە، جێگا
کان: کانگە، کانگا
هەوار: هەوارگە (خۆشناو، نەریمان عەبدوڵا، ٢٠٢٣، ١٤٦)


٨- دەکرێ لە وشەیەک پێشگر و پاشگر بەیەکەوە بێن، وەک:


هەڵ + کرد + ەوە = هەڵکردەوە
ڕۆ + چوو + ەوە = ڕۆچووەوە

٩- هەوار - ئەو پێشگر و پاشگرانەی لە زمانی کوردیدا هەن، ژمارەیان زۆرە، لەڕووری پێکهاتەی دەنگیشەوە لە مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان گەورەترن، بەڵام ئەرکیان سنووردارە و بەرهەمیان کەمە.

| مۆرفیمی وشەدارێژ | مۆرفیمی ڕێزمانی |
| --- | --- |
| دار | بـ |
| وەر | ێ |
| مەند | کە... هیتد. |

١٠- مۆرفیمەکانی دارشتن سەرەی وشە دارێژراوەکە پێکدەهێنن و گشت تایبەتییەکانی خۆیانی بۆ دەگوێزنەوە، سەرە بەزۆری لای چەپ دەگرن، بەڵام هەندێکیان بە لای ڕاستدا دێن، وەك:



(+ پیشە)

نووس ەر

١١- ئەگەرچی (پێشگر و پاشگر)ەکان لەزمانی کوردیدا لە ڕووی ئەرکەوە چونیەکن، بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا جیاوازن، بەجۆرێك، پاشگر لە زمانی کوردیدا هەمیشە بەدوای بناغەی وشەوە دەلکێ و کۆتاییەکی کراوە بۆ گیرەکە ڕێزمانییەکان جێدەهێڵێ ، واتە بەم شێوەیە ڕیز دەبن:

وشە (بنکە) + مۆرفیمی وشەدارێژ + مۆرفیمی ڕێزمانی = وشەی دارێژراو، (قادر، سەباح ڕەشید، ٢٠٠٠، ٦٢).

ئاسن + گەر + ەکە + ان = ئاسنگەرەکان

منداڵ + ۆچکە + ان = منداڵۆچکە

بەڵام پێشگر هەمیشە بە پێش بناغەی کارەوە نالکێ، لەکاتی هەبوونی گیرەکە ڕێزمانییەکاندا شوێنی خۆی بۆیان چۆڵدەکات،(حاجی مارف، ئەوڕەحمان، ١٩٨٢، ٢٩) بە وێنە:

کردن:

هەڵکردن

هەڵتکرد

هەڵمکرد

هەڵمانکرد

١٢- هەندێ مۆرفیمی وشەدارێژ، کە دەچنە سەر بناغەیەک، دەبنە هۆی دروستبوونی فرەواتایی، بەمەش واتاکانیان لە چوارچێوەی قسەکردندا نەبێت پێشبینی ناکرێت، بە وێنە:

هەڵهات

١- ڕاکردن

٢- دەرکەوتن (بەرزبوونەوە)

٣- ترشان

١٣- پێشگر و پاشگرەکان بەپێی ئەرکیان دوای وشەی ئەتۆ دەکەون، کە لەگەڵیدا بگونجێن، بە وێنە:

- کاری وا هەیە زۆربەی پێشگر و پاشگرەکانی سەر بە بەشە ئاخاوتنی (کار) وەردەگرێت، وەک: (کەوتن):

( هەڵکەوتن، داکەوتن، پێکەوتن، تێکەوتن، لێکەوتن، بەرکەوتن، وەرکەوتن، ژێرکەوتن، بنکەوتن، سەرکەوتن، پێداکەوتن، تێداکەوتن......هتد.)

- کاری واش هەن دوو پێشگر بەیەکەوە وەردەگرن:

(لێ) + (وەر) + کەوتن = لێوەرکەوتن

تێ + هەڵ + چوون = تێهەڵچوون

- کاری واش هەن پێشگر و پاشگر بەیەکەوە وەردەگرن، وەك:

(پێ) + کەوتن + (ەوە) = پێکەوتنەوە

پێ + دا + چوون + هوە= پێداچوونەوە

- کاری واش هەیە چەند پێشگرێکی کەم وەردەگرێت، وەك: (خواردن).

١٤- مۆرفیمە وشەدارێژەکان لە چالاکیاندا بۆ دارشتنی وشە جیاوازییان هەیە، هەندێکیان لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر وشە یەکدەگرن و بەرهەمدارن، بە وێنە لەو پێشگرانەی دەچنە سەر (کار)، دەبینین پێشگری (هەڵ) لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە (کار) یەکدەگرێت و وشەی نوێ

دروستدەکات، وەك: (هەڵکەوت، هەڵچوو، هەڵنیشت، هەڵفری، هەڵخست، هەڵدا، هەڵکرد، هەڵبەزی، هەڵێ، هەڵقرچا، هەڵتروکا، هەڵماڵی... هتد).

بەپێچەوانەشەوە هەندێ مۆرفیمی وشەدارێژ لەم ڕووەوە سستن و لەگەڵ ژمارەیەکی کەم وشەدا دەردەکەون، وەك:

مان: نیشتمان، خەرمان

ست: زانست ، توانست

١٥- مۆرفیمی وشەدارێژ لە زمانی کوردیدا خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی، بەشێکیان دەچنە سەر (ناو)، بەشێکیان دەچنە سەر (کار). هەندێ پاشگریش هەن لەگەڵ (ناو، ئاوەڵناو، کار)یش بەکاردێن:

(ەک):

١- دەچێتە سەر ناو: دەست + ەک = دەستەک

٢- دەچێتە سەر ئاوەڵناو: کورت + ەک = کورتەک

٣- دەچێتە سەر ڕەگی کار: نووس + ەک = نووسەک

کوڵ + ەک = کوڵەک

١٦- مۆرفیم هەیە لە هەمان کاتدا پێشگر و پاشگریشە، وەك مۆرفیمی (ڤە)، کە لە کرمانجی ژووروودا وەک (پێشگر و پاشگر)یش دەردەکەوێت، وەك:

ڤە + خارن = ڤەخارن

بەردا + ڤە = بەرداڤە

**١-٢-٦ (پێشگر و پاشگر) و بەشەئاخاوتنەکان**

سەرەتای پەیدابوونی بەشەکانی ئاخاوتن دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەفلاتوون، واتە ئەفلاتوون، یەکەم کەس بوو بەشەکانی ئاخاوتنی دۆزییەوە، کە ئەوکات پێیان دەوت (بەشەکانی وشە)، دواتر زمانەوانی دی لێکۆڵینەوەی زیاتریان لەبەشەکانی ئاخاوتن کرد و چەندین لق و پۆپیان دۆزیەوە. زمانەوانی کورد لە دابەشکردنی بەشەکانی ئاخاوتن بیروبۆچوونی جیاوازیان هەیە، هەندێکیان پەیڕەوی قوتابخانەی ڕووسی دەکەن، کە ئاخاوتن بۆ دە بەش دابەش دەکەن، هەندێکیشیان پەیڕەوی قوتابخانەی ئەمەریک و ئینگلیزی دەکەن، کە ئاخاوتن بۆ هەشت بەش دابەش دەکەن. ((لە سەردەمی ئەمڕۆکەشماندا بەشەکانی ئاخاوتن لە قوتابخانە زمانەوانییەکانی (ڕووسی ، ئینگلیزی ، ئەمەریکی ، جنێف ، پراگ... هتد) لێی دەکۆڵدرێتەوە، هەر بۆیەشە جیاوازی لەژمارەی بەشە ئاخاوتن لە قوتابخانە زمانەوانییەکانی ئینگلیزی و ئەمەریکی لەگەڵ ڕووسی دەکرێت، چونکە لە هەردوو قوتابخانە زمانەوانییەکانی ئەمەریکی و ئینگلیزی (هەشت) بەشە ئاخاوتنە، بەڵام لەقوتابخانەی زمانەوانی ڕووسی (مۆسکۆ) (دە) بەشە ئاخاوتنە، واتە جیاوازییەکە لەهەر دوو بەشە ئاخاوتنی (ژمارە و پارتیکل) دایە، چونکە (ژمارە و پارتیکل) لەقوتابخانەی ڕووسی وەک دوو بەشەئاخاوتنی سەربەخۆ سەیردەکرێن، بەڵام لە قوتابخانەکانی ئەمەریکی و ئینگلیزی وەک بەشەئاخاوتنی سەربەخۆ سەیر ناکرێ.)) (خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا، ٢٠١١، ١٧)

١-٢-٧-١ قوتابخانەی زمانەوانی ڕووسی ( کلاسيك ):

١- ناو

٢- جێناو

٣- ئاوەڵناو



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

٤- كار
٥- ئاوەڵکار
٦- ژمارە
٧- پارتیکڵ
٨- ئامرازی پەیوەندی
٩- ئامرازی سەرسوڕمان و بانگهێشت
١٠- پریپۆزیشن (پێشبەند)

١-٢-٧-٢ قوتابخانەی زمانەوانی ئەمەریکی و ئینگلیزی (نوێگەری):

١- ناو
٢- ئاوەڵناو
٣- جێناو
٤- کار
٥- ئەوەڵکار
٦- ئامرازی پەیەوندی
٧- پریپۆزیشن (پێشبەند)
٨- ئامرازی سەرسوڕمان و بانگهێشت

## ٢-١ مۆرفیمی (ستان):

ئەم مۆرفیمە لە ئێستای زمانی کوردیدا وەک مۆرفیمێکی بەندی وشەدارێژ بە پلەی یەکەم دەچێتە سەر ناو و ناوی داڕێژراو ی شوێن دروستدەکات، وەک: (کوردستان، هیندستان، پاکستان، عەرەبستان، شارستان، گوڵستان، مێرووستان، گۆڕستان، قەبرستان، دارستان ...هتد)، هەروەها دەچێتە سەر هاوەڵناو و ناوی شوێن دروستدەکات، وەک: (تاریکستان، کافرستان، خەرابستان، گەندەڵستان ...هتد) ((ستان: ئەم پاشگرە نرا بە دوای هەر واژەیەک، جێی ئەو واژەیە ئەگەیەنێ، وەک: کور + ستان = کوردستان، واتە: جێی کورد)) (ئەمین، نوری عەلی، ١٩٥٨، ٢٢)،

((ستان(١): وەک پاشگرێک دەچێتە سەر ناوی شوێن. وشەکە ڕاستەوخۆ بۆ سەر زمانی پەهلەوی دەگەڕێتەوە و بریتییە لە stan، بە واتای خاک و وڵات دێت، وشەکە لە ڕەگی وشەی PIEی sthant- ،ست هاند- بە واتای (شوێن)هاتووە. لە زمانی سانسکریتی stha، ستها واتا وەستاو. هەر لە سانسکریتی sthiti، ستهیتیی، واتا شوێن. لە هەمان وشەی سانسکریتیی، sthana، ستهانە هاتووە بە واتای جێگای تێدا وەستان و مانەوە. ناوچەی تێدا ژیان. هەرێم. شار. دەوڵەت. هەمان ناوە، کە دواتر وەک پاشگری -ستان، چوەتە سەر ناوی شوێن و وڵاتان)) (هەرشەمی، شاسوار، ٢٠٢٢، ٦١٨).

ئەم واتایەی لە پاشگری (ستان)دا کۆبووەتەوە، بەجۆرێک لە هەموو ئەو وشانەی بەشداری ڕۆنانیان دەکات و واتای شوێن دەبەخشێت و پاشگرێکە بەزۆری بۆ دروستکردنی ناوی شوێن بەرهەمدارە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە (ستان) لەکۆندا بەتەنها بەواتای (شوێن ، جێگە) بەکارهاتووە، ئەم ڕاستییە پشتڕاستی ئەوە دەکاتەوە، کە (ستان) لە ڕوانگەی ئیتمۆلۆژیاوە واتا (شوێن ، جێگە)، هەروەها ((لە هەردوو دیالێکتی سەرەکی کوردیدا هیچ جیاوازییەک لە شێوە و جۆری بەکارهێنان و گەیاندنی واتای پاشگری (ستان)دا نییە. لە زمانی

فارسی ناوەڕاستیشدا هەمان شێوەی کوردی ئەمڕۆی هەبوو و واتای شوێن و جێگەشی دەگەیاند)) ( حاجی مارف، ئەورەحمانی، ٢٠١٤، ١٢٦). هەرچی دەربارە وشەی (زستان)ە، کە بە واتای ناوی شوێن نایەت، لەبەر ئەوەیە، کە (ستان) لە وشەی (زستان) مۆرفیمی بەندی وشەدارێژی (سان)ە، نەوەک (ستان)، ((زم: لە دێریندا واتای وەرزی ساردی داوە، هەرکاتێ وەرزی ساردی هاتۆتەوە، بووە بە زمسان. دواتر بۆ (زمستان، زستان، جستان) گۆڕاوە.)) (ئەحمەد، ڕێکار، ٢٠٢١، ٩٨). لەڕووی پەرەسەندنیشەوە مۆرفیمی (ستان): مۆرفیمێکی پەرەسەندووی زۆر چالاک نییە، ((لەڕووی چالاکییەوە، دەتوانین بڵێن لە ئێستای زمانی کوردیدا بەکارهێنانی لە وشەی نوێی زمانییدا کەمی کردووە، یاخود تا ڕادەیەک نەماوە، واتە بەرهەمێکی مامناوەندی هەیە)) (مستەفا، مستەفا ڕەزا، ٢٠٢١، ١٣٠)ئەم مۆرفیمە بەجۆرێک پەرەیسەندووە و لە ئێستای زمانی کوردیدا وەک (پاشگر)ی ناوی شوێن هەژماردەکرێت و دەچێتە سەر چەند بەشەئاخاوتنێک و ناوی دارێژراوی شوێن ڕۆدەنێت، وەک (کوردستان، عەرەبستان، داغستان، جەنگەڵستان، باغستان، تاریکستان، گەندەڵستان، کافرستان، شاخستان، کوێستان(کێوستان)، زەریفستان، گوڵستان، بێستان (بیستان)[1] ، دارستان، کاولستان، باغستان، خەرابستان، سەرابستان، شارستان، شارستانی، مێرووستان، بەهارستان، بیابانستان، قەبرستان، گۆڕستان، شاخستان). هەروەها ئەم مۆرفیمە لەگەڵ مۆرفیمەکانی (گە وگا) نزیکن و هەمان ئەرک دەبینن لەزمانی کوردیدا، کە بریتییە لە ڕۆنانی ناوی شوێن، بەڵام مۆرفیمەکانی (گە و گا) چالاکترن بەتایبەت (گە).

شێوازەکانی دەرکەوتن و پەرەسەندنی مۆرفیمی (ستان):

١- دەچێتە سەر ناو و ناوی شوێن ڕۆدەنێت:

بە پلە یەک دەچێتە سەر ناوی نەتەوە و ناوی شوێن و نیشتەجێبوونی ئەو نەتەوە دەگەیەنێت، (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٣٩) وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا دەبینرێت:

ناو (میللەت) + پاشگر (ستان) = ناوی شوێن (شوێنی نیشتەجێبوونی میللەتان)

کورد + ستان = کوردستان

ئەرمەن + ستان = ئەرمەنستان

هیند + ستان = هیندستان ...هتد.

٢- دەچێتە سەر ناوی شوێن و تەنها ناوەکە دەکات بە دارێژراو و هەر واتای شوێنەکە دەگەیەنێت، ((دەچێتە سەر هەندێک ناو، کە خۆیان شوێن و جێگەن.)) (عەبدڵلا، ڕۆژان نوری، ٢٠٠٧، ٥١)، بەڵام بە پانتاییێکی فراوان و زۆر، وەک:

ناو(شوێن) + پاشگر (ستان) = ناوی دارێژراو (شوێن)

کێو + ستان = کوێستان

جەنگەڵ + ستان = جەنگەڵستان

کاول + ستان = کاولستان

٣- بەدواوەی ناوی ڕووەکەو دەلکێ، ((دەچێتە سەر ناوی ڕووەک، ناوی شوێنی ئەم جۆرە ڕووەکەکە دەگەیەنێت.)) (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٥.) وەک:

گوڵ + ستان = گوڵستان

دار + ستان = دارستان

٤- هەندێ جار دەچێتە سەر هاوەڵناو و بەهەمان شێوەی سەرەوە ناوی شوێن ڕۆدەنێت، (خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا،٢٠٢٣، ١٦٠)، وەک:



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

هاوەڵناو + پاشگر (ستان) = ناوی دارێژراوی شوێن
کافر + ستان = کافرستان
چڕ + ستان = چڕستان
تاریك + ستان = تاریکستان
گەندەڵ + ستان = گەندەڵستان

**٢-٢ مۆرفیمی (گە – گا):**

وەک دوو مۆرفیمی بەندی وشەدارێژی زمانی کوردی ناسێندراون، بەڵام لە بنچینەدا یەک مۆرفیمن و بە تێپەڕبوونی کات شێوەیان گۆڕاوەوە و بوون بە دوو فۆڕمیان وەرگرتووە، (( (گە) و (گا) دوو پاشگری جیا نین، بەڵکو شێوەی مۆرفیمی یەکن، ئەم پاشگرە چالاکە و بەشێوەیەکی سەرەکی دەچیتە سەرناو و جارجارەش بە هەندێ بەشەئاخاوتنی دیکەشەوە دەلکێ)) (حاجی مارف، ئەورەحمانی، ٢٠١٤، ١٢٤)، کە لە ئێستای زمانی کوردیدا دوو پاشگری چالاکی بەبەرهەمن لە ڕۆنانی چەندین وشەدا بوونیان هەیە، وەک: (خوێندنگە، تاراوگە، ڕاوگە، پێگە، خانەقا[٢] (خانەگا)، قیبلەگا، ڕووگە، جێگە، فێرگە، ڕوانگە، فڕگە، زاگە، نۆرینگە، شوشتنگە، هەوارگە، پارێزگا، ڕێگا، دەرگا، جێگا، کۆگا، دەزگا (دەستگا)، پەرستگا، پێشانگا، دادگا،...هتد)، ((پاشگری (گە، گا) دەچنە سەر وشە و ناوی دارێژراوی لێ پێکدێنن، وە بەشێوەیەکی گشتی شوێن و جێگە پێشاندەدەن)) (فەخری، نەسرین و موکریانی، کوردستان،١٩٨٢، ١٦). لە بەکارهێنانیاندا جیاوزن، هەندێ وشە هەیە تەنیا پاشگری (گا) وەردەگرێت، وەک:

کۆ – کۆگا
دەست – دەستگا (دەزگا)
پێشان – پێشانگا

بەشێك لە وشەکان بەتەنیا پاشگری (گە) وەردەگرن :

تاقیگە – مۆلگە – برگە – جومگە – بارگە ، شەڕگە ...هتد.))، (لێژنەی زمان و ڕێزمان ، ٢٠٠٠، ٩٠).

لە ڕووی ئیتمۆلۆژییەوە پاشگری (گە) لەکۆندا بەواتای شوێن بەکارهاتووە ((پاشگری گە، کە دەربڕی چەمکی شوێنە، سەرەتا فۆڕمێکی سەربەخۆ بووە و بە واتای شوێن هاتووە، (گاثوا > گاث > گا > گە)، دەبینین ئێستا بە بەندی زۆر چالاکە و یەکێکە لە مۆرفیمە چالاکەکانی دەربڕی چەمکی شوێن))

((گە پاشگرەکە لە بنەڕەتدا وشەیەکی سەربەخۆ بووە بە شێوەی (جا)، کە بە واتای جێ و شوێن بەکارهاتووە. وشەکە لە وشەی PIEی -gew، گێو- هاتووە بە هەمان واتا. بەجیا سەیری -گا بکە)) (هەرشەمی، شاسوار، ٢٠٢٢، ٣٩٤). ئەگەر بڕوانینە ئەو وشانەی بەهۆی پاشگرەکانی (گە و گا)وە سازکراون، ئەوا زۆر بەڕوونی هەست بە سەربەخۆ بوونی ئەم پاشگرانە دەکرێت، کە ڕەچەڵەکی ئەم پاشگرانە لە پێشوودا سەربەخۆ و واتار بوونە، هەروەها لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا (گا) هاوواتای (جێ و شوێن)ی لەبەرانبەردا نووسراوە، بەبێ ئەوەی هیچ ڕۆنکردنەوەیەکی لەبارەیەوەوە درابێت یان وەک پاشگری شوێن ئاماژەی بۆ کرابێت ((گا: جێ ، شوێن))، (موکریانی، هەژار، ١٩٩١، ٦٨٢).

**مۆرفیمی (گە ، گا) وەک پاشگر:**

لەبارەی مۆرفیمەکانی (گە ، گا)، کە لە سەرەوە تیشکمان خستەسەر، لەڕووی ئیتمۆلۆژییەوە

مۆرفیمێکی سەربەخۆی واتاداربوون و بە واتایی (شوێن، جێ) بەکارهاتوون، بەهۆی چالاکی زۆر بەکارهێنانیان لە زماندا، وردەوردە پەرەیان سەندووە و لە واتا سەربەخۆکەی جارانیان کەوتوون و چیتر لە چوارچێوە بەرتەسکەکەی خۆیان نەماوەتەوە و بە سەربەخۆیی بەکارنەهاتوون، پاشان وەک مۆرفیمێکی بەندی وشەدارێژی (پاشگر) چالاک پەرەیانسەندووە و چوونەتە ڕیزی پاشگرەکانی زمانی کوردی و لەگەڵ مۆرفیمی وشەی تر لە ڕۆنانی وشەی نوێ ڕۆڵیان بینیوە، بە مەبەستی ناوی شوێن، ((دەتوانین پاشگری (گە) لەتەک ((ناو، چاوگ، ڕەگی فرمان، قەدی فرمان، ئاوەڵفرمان) بۆ مەرامی ناوی شوێن بەکاربهێنین.)) (لێژنەی زمان و ڕێزمان ، ٢٠٠٠، ٩٠)، وەک: ( فەرمانگە، پێگە، قیبلەگا، قەڵاتگە، سەربازگە، بنەگا[٣] بازگە، نشینگە، ئارێشگا، پارێزگا، ئاورگە، ڕێگا، ڕێگە، جێگە، جێگا، پەیمانگا، زانستگا، پەرستگە، خولگە، دوورگە، پەرگە، قرگە، پەناگە، جومگە، هەوارگە، وارگە، ژینگە، بازارگە، دێگە، یاریگا، حەشارگە ... هتد).

شێوازەکانی دەرکەوتن پەرەسەندنی مۆرفیمی (گە ، گا)

١- (گە، گا) دەچنە دواوەی ناو و ناوی شوێن ڕۆدەنێن، وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

ناو + گە، گا = ناوی دارێژراوی شوێن

دەست + گا = دەزگا[٤]

کار + گە = کارگە

بار + گە = بارگە

ڕاو + گە = ڕاوگە

یاری + گا = یاریگا ...هتد.

٢- دەچێتە دواوەی چاوگ، بەشەئاخاوتنەکەی لە چاوگەوە دەگۆڕێت بۆ بەشەئاخاوتنی ناو و ناوی شوێن ڕۆدەنێن، وەک ئەم نوونانەی خوارەوە:

چاوگ + گە = ناوی شوێن

خوێندن + گە = خوێندنگە

شووشتن + گە = شووشتنگە

نووسین + گە = نووسینگە

خواردن + گە = خواردنگە

نشین + گە = نشینگە ...هتد.

٣- دەچنە دواوەی ڕەگی چاوگ و ناوی شوێن ڕۆدەنێن، لە ڕەگی چاوگەوە دەیگۆڕێت بۆ ناو و ناوی شوێن ڕۆدەنێن، وەک ئەم نوونانەی خوارەوە:

ڕەگی چاوگ + گە، گا = ناوی شوێن

فڕ + گە = فڕگە

پاڵاو + گە = پاڵاوگە

فرۆش + گا = فرۆشگا

ڕوان + گە = ڕوانگە ...هتد.

٤- دەچێتە دواوەی هاوەڵناو، ناوی شوێن ڕۆدەنێ، بەشەئاخاوتنەکەی لە هاوەڵناوەوە دەگۆڕێت بۆ بەشەئاخاوتنی ناو و ناوی شوێن ڕۆدەنێ، وەک لەم نموونانەی خوارەوە:

هاوەڵناو + گە = ناوی شوێن

ئارام + گە = ئارامگە

لێژ + گە = لێژگە



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٨

تاراو + گە = تاراوگە ...هتد.

٥- دەچنە دواوەی هاوەڵکار، ناوی شوێن ڕۆدەنێن، بەشەئاخاوتنەکەی لە هاوەڵکارەوە دەگۆڕێت بۆ بەشەئاخاوتنی ناو و ناوی شوێن ڕۆدەنێن، وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

هاوەڵکار + گە = ناوی شوێن

پەنا + گە = پەناگە

بەر + گە = بەرگە

بن + گە = بنگە

دوور + گە = دوورگە

دەر + گا = دەرگا ...هتد.

٦- دەچنە دواوەی وشەی بێواتا، ناوی شوێن ڕۆدەنێن، وشەکە دەکات بە دارێژراو و دووبارە واتا بۆ وشەکە دەگەڕێنێتەوە[٥] و دەیکات بە ناوی شوێن، وەک ئەم نوونانەی خوارەوە:

وشەی بێواتا + پاشگری ناوی شوێن (گە) = ناوی شوێن

پێشان + گە = پێشانگە

حەشار + گە = حەشارگە

خول + گە = خولگە

فێر + گە = فێرگە ...هتد.

- ❖ چاوگە بێواتاکان، ئەو چاوگانەن یان ئەو وشانەن، کە بەتێپەڕبوونی کات واتاکانیان لەدەستداوە و وەک وشەیەکی بێواتا دێنەبەرچاو، کەچی لەکۆندا واتاداربوونە و سەربەخۆ بەکارهاتوون، بەڵام لەزماندا بەیارمەتی پێشگر و پاشگرەکان دووبارە واتاکانیان دێتەوەبەر، یاخود بەواتایێکی دیکە لەزماندا بەکاردەهێندرێنەوە و خزمەت بە فەرهەنگی زمان دەکەن، ((ئەگەر سەرنجی نموونەکانی ئەم باسە بدەین، دەبینین بەشێکیان، کە وەک: چاوگ و فرمانی بێ واتا دێتە بەرچاو لەبەر ئەوەیە، کە بەبێ پێشگر یان پاشگر بەکارنایەن)) (فەخری، نەسرین، ١٩٧٣، ٩٧).
- ❖ جێگەی باسە: کاتێ پاشگرەکانی (گە، گا) دەچنە دواوەی هەندێک ناو، کە خۆیان ناو، بۆیە کاتێ ئەم پاشگرە وەردەگرن، بەشەئاخاوتنەکەیان ناگۆڕێت و هەر بە ناو دەمێننەوە، تەنها لە ناوی سادەوە دەیانکەن بە ناوی دارێژراو، وەک:

ناو + گە = ناوی شوێن

کار + گە = کارگە

زانست + گە = زانستگە ...هتد.

پاشگری (گە، گا) دەچنە دواوەی هەندێک ناو، کە ئەم ناوانە لە بنچینەدا هەر خۆیان ناوی شوێنن، نە بەشەئاخاوتن و ن واتاکانیان ناگۆڕێت هەر لە بەشەئاخاوتنی ناودا دەمێننەوە و واتای شوێن دەدەن، تەنها لەڕووی شێوەوە دەیگۆڕن لە سادەوە دەیکەن بە دارێژراو، (لێژنەی زمان و ڕێزمان، ٢٠٠٠، ٩٠)، وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

جێ + گە = جێگە

ڕێ + گا = ڕێگا

بازاڕ + گە = بازاڕگە

هەوار + گە = هەوارگە

دێ + گە = دێگە[٦]...هتد.

- ❖ پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە هەندێ لە وشەکان پاشگری (گا) وەردەگرن، هەنێکیشیان

پاشگری (گە) وەردەگرن، وشەشمان هەیە توانای وەرگرتنی هەردووکیانی هەیە، (لێژنەی زمان و ڕێزمان ، ۲۰۰۰، ۹۰).

● هەندێک لەو نموونانەی، کە تەنها پاشگری (گا) وەردەگرن، وەک:

کۆ + گا = کۆگا

دەست + گا = دەستگا (دەزگا) ...هتد.

● هەندێک لە وشەکان تەنها پاشگری (گە) وەردەگرن، وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

تاف + گە = تافگە

بڕ + گە = بڕگە

ساز + گە = سازگە

جوم + گە = جومگە ...هتد

● هەندێک وشەش هەن هەردوو پاشگری (گە، گا) بەبێ جیاوازی وەردەگرن،(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ۸۹). وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

سەیران + گە = سەیرانگە

ڕێ + گا = ڕێگا

ڕێ + گ = ڕێگ

دەر + گە = دەرگە

دەر + گا = دەرگا

جێ + گە = جێگە

جێ + گا = جێگا

کان + گا = کانگا

کان + گە = کانگە ...هتد.

**۲-۳ خانە:**

ئەم مۆرفیمە لە ئێستای زمانی کوردیدا وەک مۆرفیمێکی بەندی وشەدارێژەر مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، ئەگەرچی لە هەندێک باردا ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێ، کە لە کۆندا مۆرفیمێکی سەربەخۆی کۆنی زمانی کوردی و زمانە ئێرانییەکان بووە، کە بە واتای (خانوو، ماڵ، خانی، ژوور) دێت. ((خانە(۱): واتە خانوو وشەیەکی کۆنی کوردییە. لە پەهلەویی xanak، خانەک، هەروەها xanik خانیک و xanag، خانیگ، فارسی، خانە. وشەکە چیدی سەربەخۆ بەکارنایەت. چ وەک پێشگر و چ وەک پاشگر، دەچێتە سەر وشەی دی، وەک کارخانە، بێخانە، خانەبگیر، خانەخراپ، خانەقا...))،(هەرشەمی، شاسوار، ۲۰۲۲، ۱۹). ئەگەر سەرنج بخەینە سەر نموونەکانی ناوبراو، وشەی ‹خانەقا› دەکەوێتە بەر چاو، کە لەڕووی دروستبوونەوە وشەیەکی ناسادەی دارێژراوە، پێکهاتووە لە (خانە + قا[۷])، بەپێی ئەم تێڕوانینە بێت، دەبێت (خانە) پێشگر بێت و (قا) وشەی واتادار بێت، کەچی لە ڕاستیدا پێچەوانەکەی دروستە، (خانە) مۆرفیمێکی سەربەخۆیە و مۆرفیمی (قا) پاشگرە، ئەمەش ڕوونە لە ڕێزمانی زمانی کوردیدا هیچ یاسایەکمان نییە، کە دوو پێشگر یان دوو پاشگر یاخود پێشگرێک و پاشگرێک، بەیەکەوە وشەیەکی نوێ دروستبکەن.

(خانە، خانەچی ‹خانچی›، خانەقا، خانەقین، خانەخانە، خانەدار، خانەوادە، خانەخوێ، خانەی یەکان، خانەی دەیان، خانەدان، خانەبگیر، خانەنشین، ناوکەخانە، پەردەخانە، کلکەخانە، دەمارەخانە، خانەنیش، خانەی بێسەرپەرشتان، خانەی بەساڵاچووان، خانەی



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٨

ئاشتی ‹بۆکتێب›، دەڵاڵخانە، سەموونخانە، نانەواخانە[8]، قوتابخانە، کەباب خانە، جامخانە، گرتووخانە، چایخانە، چاپخانە، قومارخانە، سەرتاشخانە، سەربڕخانە، قەسابخانە، میوانخانە، قەلەندەرخانە[9]، بەنزینخانە ...هتد).

((خانە: ١) ماڵ؛ ٢) چاوەی هەزار پیشە؛ ٣) خەتداری چوارگۆشە)) (موکریانی، هەژار، ١٩٩١، ٢٣٨)

ئەگەر لەم نموونانەی سەرەوە بڕوانین تێبینی ئەوە دەکەین، کە (خانە) بەتەنیا مۆرفیمێکی سەربەخۆیە، لە زانستی زمان و لە فەرهەنگدا بە واتای ماڵ و خانوو دێت، وەک لە (خانەی بێسەرپەرشتان، خانەی بەساڵاچووان، خانەی ئاشتی، خانەخوێ، خانەدان، خانەنشین، خانەدار، خانەخانە ...هتد)، هەروەها لە وشەکانی (خانەچی، خانەدار، خانەقا ...هتد)دا مۆرفیمی (خانە) وەک مۆرفیمی سەربەخۆ بەشداری لە دروستبوونیان کردووە، ئەمیش بە یاسای (ناو+پاشگر)، بەم شێوەیە:-

ناو + پاشگر = وشەی دارێژراو

خانە + چی = خانەچی

خانە + قا(گا) = خانەقا

خانە + دار = خانەدار

هەروەها (خانوو = خانە) هەمان واتای هەیە، بەڵام لەڕووی فۆرمەوە جیایە و گۆڕانی دەنگی بەسەردا هاتووە و فۆنیمی (ە) بۆ فۆنیمی (وو) گۆڕاوە.

هەروەها (خانە) لە زانستی زیندەزانیشدا وەک مۆرفیمێکی سەربەخۆ بەم شێوەیە پێناسە کراوە، ((خانە: یەکەی پێکهێنانی زیندەوەرانە.)) (وەزارەتی پەروەردە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپەمەنی و پرۆگراماکان، ٢٠١٥، ١٦). هەر لەم وشەیە و لە بواری زیندەزانیدا چەند وشەیەی دیکەی لێ بەرهەمهێنراوە و بوون بە زاراوە، وەک (ناوکەخانە، پەردەخانە، کلکەخانە، دەمارەخانە ...هتد)، ئەم ناوانەش وەک زاراوەیەکی نوێی زیندەزانی ڕۆنراون، کە وایە وەک مۆرفیمێکی واتاداری سەربەخۆ بەشداری لە بەرهەمهێنانی زاراوەی نوێ کردووە.

هەروەها لە زانستی بیرکاریدا (خانە) لەگەڵ ژمارە بەیەکەوە هاتوون و زاراوەیەکی زانستی نوێیان لێ دروستکراوە، لە بابەتی (بەهای خانەیی)دا، کاتیک کۆمەڵێک ژمارە بەدوای یەکتردا دێن، یاخود دەخرێنە پاڵ یەکتر، وەک (١٥، ١٠٠، ١١٢٢ ...هتد.) لەم ژمارانە هەر ڕەنووسێکیان شوێنێکی تایبەتیان هەیە، ئەم شوێنە پێی دەگوترێت (خانە)، ئەو ژمارەیەی دەکەوێتە سەرەتا، شوێنەکەی پێی دەگوترێت خانەی (یەکان) و ئەو ژمارەی لە ڕێزبەندییەکەدا دەکەوێتە دووەم، شوێنەکەی پێی دەگوترێت خانەی دەیان، و بە شوێنی سێیەم ژمارەش دەگوترێت خانەی سەدان... هتد. (وەزارەتی پەروەردە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپەمەنی و پرۆگراماکان، ٢٠١٦، ٤).

هەرچی وشەکانی (دەڵاڵخانە، سەموونخانە، قوتابخانە، کەبابخانە، جامخانە، گرتووخانە، چایخانە، چاپخانە، قومارخانە، سەرتاشخانە، فشەخانە، سەربڕخانە، قەسابخانە، میوانخانە، قەلەندەرخانە، بەنزینخانە ...هتد)یە، کە زمانەوانان (خانە) بە پاشگر هەژمار دەکەن، بەڵام لەڕاستیدا مۆرفیمی (خانە) لە پێکهاتەی ئەم وشانەدا پاشگر نین و سەرجامیان مۆرفیمی واتاداری سەربەخۆن، کە واتای (ماڵ) دەدات، (ماڵ) ناوی شوێنە.

((پاشگری (خانە): لێرنە ئەو وشانەی کۆکردەوە ، کە بە بێژەی (خانە) کۆتاییان هاتووە، وەک: دەباخانە – میوانخانە – فرۆکەخانە – مەزاتخانە – نەخۆشخانە – خوفەخانە – ئاودەستخانە

– کەبابخانە – سەرتاشخانە – نەوتخانە...هتد، بەپێی بۆچوونی لێژنە: هەرچەندە هەندێ لە دەستوورنووسانی کورد وشەی (خانە)یان بە پاشگر دانەناوە ، لێژنەش دوای لێکۆڵینەوە و بەراوردکردنی لەتەک زمانە رۆژهەڵاتییەکانی دیکەدا، بۆی دەرکەوت کە وشەی (خانە)پاشگر نییە، بەڵکو وشەیەکی سەربەخۆی واتادارەو لەتەک وشەی واتاداری تردا وشەی لێکدراو دروست دەکەن، وەک:

نەخۆش + خانە = نەخۆشخانە

زۆر + خانە = زۆرخانە

میوان + خانە = میوانخانە ... هتد..)) (لێژنەیەک لە رێزمانی کوردی، ٢٠٠٠، ٩٤).

ئێمە لەگەڵ ئەو بۆچوونە داین، کە مۆرفیمی (خانە) لە هیچ وشەیەکدا لە هیچ زاراوەیەکدا مۆرفیمی بەندی وشەدارێژەر نییە، بەڵکو مۆرفیمێکی سەربەخۆی واتادارە، ئەگەرچی لەرووی پەرەسەندنەوە ناچێتە چوارچێوەی باسەکەمانەوە، چونکە بەبۆچوونی ئێمە، وەک مۆرفیمی بەندی وشەدارێژەر رۆڵنابینێت، بەڵام بۆ روونکردنەوەی زیاتری بابەتەکە تیشک دەخەینە سەر(خانە)، وەک مۆرفیمێکی سەربەخۆ لە رۆنانی وشەی نوێدا بەتایبەت بۆ مەبەستی ناونانی شوێن، وەک:

ا- بەشێوەی دارێژراو

ناو + پاشگر = وشەی دارێژراو

خانە + قا (گا) = خەنەقا

خانە + ۆچکە = خانۆچکە[١٠]

خانە + چی = خانەچی

خانە + دار = خانەدار

ب- بەشێوەی لێکدراو

- کەباب + خانە = کەبابخانە
  پەرتووک + خانە = پەرتووکخانە
- هاوەڵناو + ناو = ناو
  هەتیو + خانە = هەتیوخانە
  نەخۆش + خانە = نەخۆشخانە
- ناوی بکەری + ناو = ناو
  سەربڕ + خانە = سەربڕخانە
  سەرتاش + خانە = سەرتاشخانە
- ناو + چاوگ = ناو
  خانە + دان = خانەدان
- خانە + نشین = خانەنشین
- وشەی ناسادە + ناو = ناو شوێن
  گرتوو + خانە = گرتووخانە
  نانەوا + خانە = نانەواخانە
  سەروپێ + خانە = سەروپێخانە
- دووبارەبوونەوەی (ناو) = هاوەڵناوی لێکدراو
  ناوی (خانە) دووبارەبوونەوەی هەمان ناو (خانە) = خانەخانە



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

**ئەنجام:**

لەسەر بنەمای ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، دەتوانرێ ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە وەک ئەنجامی بەدەستهاتووی سەرەکی توێژینەوەکە سەیربکرێت:

١- لە ڕوانگەی ئیتمۆلۆژیاوە، دەتوانرێ توێژینەوەی ئیتمۆلۆژیانەی زانستی لەبارەی پێشگر و پاشگرەکانی زمانی کوردی ئەنجامبدرێت و ژمارەیەک لە پێشگر و پاشگرەکان بە ڕێگای شیکاری ئەرێنی و ڕوونکردنەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەیان بکرێ، وەک لەم توێژینەوەیەدا خراوەتەڕوو.

٢- توێژینەوەکە گەیشت بەو دەرئەنجامەی، کە پێشگر و پاشگرەکانی زمانی کوردی لە سەرەتادا مۆرفیمی سەربەخۆی واتاداربوونە و بەپێی تێپەڕبوونی کات؛ وردەوردە واتاکانین لەدەست بدەن، ئەمەش بەهۆی گۆڕانکاری فۆنۆلۆژی و واتایی لە شێوە و واتایاندا ڕوویداوە و بوونە بە مۆرفیمی بەندی وشەدارێژەر (پێشگر و پاشگر).

٣- بەهۆی ئەو پەرسەندنەی، کە بەسەر پێشگر و پاشگرەکانی زمانی کوردیدا هاتوون، وەک نموونە لەم توێژینەوەیە خراوەتەڕوو؛ دەتواندرێت سوود لە پێشگر و پاشگرە نیوخۆییەکانی زمانی کوردی وەربگیررێت و لە ڕۆنانی وشە و زاراوەی نوێ و فەرهەنگی زمانەکەی پێ دەوڵەمەند بکرێت.

٤- توێژینەوەکە توانیویەتی ئەوە بسەلمێنت، کە هەندێک لەو مۆرفیمانەی زمانی کوردی، کە لە ئێستادا بە پێشگر و پاشگر هەژمارکراون، لە ئێستا و لەسەرەتاشدا هەر مۆرفیمی سەربەخۆی واتادارن.

٥- دەکرێت وەک سەرەتایەکی زانستی و ئاکادیمی سەربەخۆ لە ئیتمۆلۆژیای پێشگر و پاشگرەکانی زمانی کوردی لەم توێژینەوە بڕوانرێت.

**پەراوێز**

١ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە(نانەوازادە، عەلی، فەرهەنگی، هەرمان، ٢٠٠٥، ٤٩٧).

[٢] خانەگا، خانەقاه: (شێوە بە عەرەبی کراوەکەیەتی)، کە لە کوردیدا بووە بە (خانەقا). (سدیق، فاروق عومەر، ٢٠١٥، ١٣٧).

[٣] شوێنی ڕەوند و مەڕدارەکانە، کە ساڵانە بۆ ماوەیەک تێدا نیشتەجێ دەبن (موکریانی، هەژار، ١٩٩١، ٦٠)

[٤] وشەی دەزگا وشەیەکی دارێژراوە، پێکهاتووە لە ناو + پاشگر، دەست + گا، بەڵام تێچوونی دەنگ و دەنگگۆڕکێ ڕوویداوە، کە تێچوونی دەنگی (ت) و گۆڕانی دەنگی (س) بە دەنگی (ز).

[٥] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی چاوگی بێواتا، بڕوانە (چاوگی بێواتا لە زمانی کوردیدا - هۆ و چۆنیەتی بەکارهێنانی لەم زمانەدا، (فەخری، نەسرین، ١٩٧٣، ٦)

[٦] ناوی دوو دێن، لە هەریەکە لە شارەدێی سمێلان و شارەدێی قەڵادزێ.

[٧] خانەگا، خانەقاه: (شێوە بە عەرەبی کراوەکەیەتی)، کە لە کوردیدا بووە بە (خانەقا). (سدیق، فاروق عومەر، ٢٠١٥، ١٣٧)، خانەقا: ماڵی شێخ و مورىدەکانە، دەشێ پێکهاتبێ لە دوو کەرت، خان(ە) + قا کەرتی دووەم هەمان پاشگری گا- یە، کە ئاماژە بە شوێن دەکاوەک زانستگا، فرۆشگا، دەرمانگا و ...هتد. (زادە، عەبدوڵڵا ئیبراهیم، ٢٠١٤، ٣٣٣).

[8] نانەواخانە، کە مەبەست لێ شوێنی نانکردنە و فرۆشتنە، پێمان وایە بەهەڵە ڕۆیشتووە، لەڕاستیدا (نانخانە) دروستە، چونکە (نانەوا) ناوی ئەو کەسەیە، کە کاری دروستکردنی نانە، پیشەکەش دەبێتە پیشەی نانەوایی، ئەمە بۆ کەسی نێر، لەبەرانبەردا نانکەر بۆ کەسی مێیە.

[9] ناوی بەرنامەیەکە لە تۆڕ میدیای ٢٤،

[10] بەپێی یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانی کوردی، هاتنی دوو دەنگی بزوێن بەدوای یەکریدا ڕێگە پێدراو نییە، بۆیە بەهۆی دەنگی (ۆ) لەسەرەتای پاشگری ( ۆچکە) دەنگی (ە) لە کۆتایی وشەی (خانە) تێچووە.

*سەرچاوەکان:*

**لیستی سەرچاوەکان**

**کتێب بە زمانی کوردی**


- ئەحمەد، ڕێکار، ٢٠٢١، سیپارۆکەی بنەچەزانی، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
- ئەمین، نوری عەلی، ١٩٥٨، گرتنی کەلێنێکی دی لە ڕێزمانی کوردی (پێشگر – پاشگر)، چاپخانەی مەعارف، بەغدا.
- ئەمین، وریا عومەر، ٢٠٠٩، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی – بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- ئیسماعیل، زوبێر بیلال، ١٩٨٤مێژووی زمانی کوردی، وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە یوسف ڕەووف عەلی، چاپخانەی دارلحورییە، بەغدا.
- خۆشناو، نەریمان عەبدڵڵا، ٢٠١١، ڕێزمانی کوردی، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- خۆشناو، نەریمان عبدوڵلا، (٢٠٢٣)، وشەسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- سدیق، فاروق عومەر، ٢٠١٥، ڕەچەڵەکی وشە و پەلهاوێشتنی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.
- سەعید، یوسف شەریف، ٢٠١٣، وشەسازی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەلێر.
- شوانی، ڕەفیق، (٢٠١٦)، لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری زمانناسی، هەولێر.
- عەبدوڵڵا، ڕۆژان نووری، ٢٠٠٧، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.
- فەخری، نەسرین، ١٩٧٣، پێشگر و پاشگری (ڤە یان وە) لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
- فەخری، نەسرین و موکریانی، کوردستان، ١٩٨٢، ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین)
- قادر، سەباح ڕەشید، (٢٠١٦)، هاوێژی و فرەواتایی لەگیرەکدا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٠.
- قادر، شێرکۆ حەمەئەمین، ٢٠٠٢، مۆرفیمە بەندە لیکسیکی و ڕێزمانییەکان و ئەرکیان لە دیالێکتی گۆراندا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان.
- لێژنەی زمان و ڕێزمان ، ٢٠٠٠، چەمکێکی دی لە ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری،

بەغداد.
- مارف,ئەورەحمانی حاجی، (٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی، ڕێکخستن و پێداچوونەوەی، د. نەریمان عەبدولڵا خۆشناو بەرگی یەکەم،(مۆرفۆلۆژی) بەشی یەکەم (ناو)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- مستەفا، مستەفا ڕەزا، (٢٠٢١)،پۆلێنکردنی مۆرفیمەبەندەکان لەسەر بنەمای چالاکیی و سستی ئەمڕۆیان لەزمانی کوردییدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا.ش

**فەرهەنگەکان،**

- نانەوازادە، عەلی، ٢٠٠٥، فەرهەنگی هەرمان - کوردی بە کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- هەرشەمی، شاسوار، ٢٠٢٢، فەرهەنگی ئیتمۆلۆژی کوردیی، مێژووی پێکهاتنی وشە لە زمانی کوردیی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی تاران، سلێمانی.
- هەرشەمی، شاسوار، ٢٠٢٢، فەرهەنگی ئیتمۆلۆژی کوردیی، مێژووی پێکهاتنی وشە لە زمانی کوردیی، بەرگی دووەم، چاپخانەی تاران، سلێمانی.
- هەژار، عەبدوڕەحمان شەرەفکەندی، ١٩٩١، هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی – فارسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سروش، تەهران.

**بەزمانی عەرەبی،**

- عبدلله، على، ٢٠١٥، مبادى الايتيمولوجيا، الطبعه الاولى، دار حلنشر- دار فكر العربى، القاهره.
- وافى، على عبدالوحد، ٢٠٠٤، علم اللغه، الطبعه ٨، مطبعه نهضه مصر، الجيزه.

**بەزمانی فارسی،**

- ابوالقاسمى، موحسين، ١٣٨٩، ريشەشناسى (ايتمولوژى)، چاپ چهارم، انتشارات ققنوس، تهران.

**بەزمانی ئینگلیزی،**

- Anatoly L iberman، 2005، Etmology A Dictionary of Origins، Ferst edition، Oxford University Press، Oxford.
- Barbara ann Kipfer، 1984، woek bookon lexieography، university of Exeter.
- David Crystal, 1987, The Cambridge Encyclopedia of language, Cambridge, United Kingdom.
- Laurie Baure, Rochelle Liber & more..., The Oxford Reference Guide to English Morphology, 2013, Oxford University Press.

resources:
List of sources

Books in Kurdish

- Ahmad, Rekar, 2021, Siparokey Banachezani, Karo Printing House, Sulaimani.
- Amin, Nuri Ali, 1958, Filling another gap in Kurdish grammar (prefix – suffix), Ma'arif Printing House, Baghdad.
- Amin, Warya Omar, 2009, Another Linguistic Horizon – Volume 1, Second Edition, Aras Publishing House Printing House, Erbil.
- Ismail, Zuber Bilal, 1984 History of Kurdish Language, translated from Arabic by Yousef Rauf Ali, Dar al-Huriya Printing House, Baghdad.
- Khoshnaw, Nariman Abdullah, 2011, Kurdish Grammar, Third Edition, Rojhelat Printing House, Erbil.
- Khoshnaw, Nariman Abdullah, (2023), Vocabulary, 1st edition, Hevi Printing House, Erbil.
- Sadiq, Farooq Omar, 2015, Origin of Words and their Translation, First Edition, Narin Publishing House Printing House, Erbil.
- Saeed, Yousef Sharif, 2013, Vocabulary, Haji Hashim Printing House, Erbil.
- Shuani, Rafiq, (2016), Various Linguistic Researches, Erbil.
- Abdullah, Rojan Nuri, 2007, Kurdish Dictionary of Language and Terminology, First Edition, Chawarchra Publishing House, Sulaimani.
- Fakhri, Nasrin, 1973, Prefix and Suffix (Vay or Wa) in Kurdish, Journal of the Kurdish Information Society, Volume 1, Part 1, Kurdish Information Society Printing House, Baghdad.
- Fakhri, Nasrin and Mukriani, Kurdistan, 1982, Kurdish Grammar, Salahaddin University Printing House)
- Qadir, Sabah Rashid, (2016), Synonyms and Pluralism in Girakda, Master's Thesis, College of Language, University of Sulaimani,
- Qadir, Sherko Hama Amin, 2002, Lexical and Grammatical Morphemes and Their Function in Gorani Dialect, Master's Thesis, Sulaimani University, College of Language.
- Language and Grammar Committee, 2000, Another Concept of Kurdish Grammar, Kori Zanyari Printing House, Baghdad.
- Marf, Awrahmani Haji, (2014), Kurdish Grammar, Organization and Review, Dr. Nariman Abdullah Khoshnaw Volume 1, (Morphology) Part 1 (Name), First Edition, Rojhelat Printing House, Erbil.
- Mustafa, Mustafa Reza, (2021), Classification of Morphemes on the Basis of Today's Activity and Slowness in Kurdish Language, First Edition, Chawarchra Printing House

Dictionaries,

- Nanawazadeh, Ali, 2005, Herman Dictionary - Kurdish to Kurdish, Volume 1, Second Edition, Ministry of Education Printing House, Erbil.
- Harshami, Shaswar, 2022, Kurdish Etymology Dictionary, History of Word Formation in Kurdish Language, Volume 1, Tehran Printing House, Sulaimani.
- Harshami, Shaswar, 2022, Kurdish Etymology Dictionary, History of Word Formation in Kurdish Language, Volume 2, Tehran Printing House, Sulaimani.
- Hazhar, Abdurrahman Sharafkandi, 1991, Hanbane Borina, Kurdish-Persian Dictionary, first edition, Sarush Printing House, Tehran.
in Arabic,
- Abdullah, Ali, 2015, Principles of Etymology, First Edition, Dar Halnashr-Dar Fikr Al-Araby, Cairo.
- Wafi, Ali Abdul Wahid, 2004, Linguistics, 8th edition, Nahda Egyptian Publishing House, Giza.
in Persian,
- Aboul-Qasmi, Mohsen, 2010, Etymology, fourth edition, Qaqnus Publishing House, Tehran.
in English,
- Anatoly L iberman، 2005، Etmology A Dictionary of Origins، Ferst edition، Oxford University Press، Oxford.
- Barbara ann Kipfer، 1984، woek bookon lexieography، university of Exeter.
- David Crystal, 1987, The Cambridge Encyclopedia of language, Cambridge, United Kingdom.
- Laurie Baure, Rochelle Liber & more…, The Oxford Reference Guide to English Morphology, 2013, Oxford University Press.